

ئاراس :

# چەند ساڵێکە خۆم بۆ پڕۆژەیەکی هونەری گەورە ئامادە دەکەم

سەبارەت بە گەڕانەوەی بۆ نێو بواری گۆرانی وتن دوای چەند ساڵێك دووركەوتنەوە، ئاراس ئەوەی خستە ڕوو كە خەریكی پڕۆژەی فیلمێكی نوێیە و دەڵێ: ماوەی چەند ساڵێكە هەموو كاتی خۆم بۆ فیلمێك تەرخان كردووە، فیلمەكە ژمارەیەكی زۆر گۆرانی لە خۆ دەگرێت و تا ئێستا زۆر لە گۆرانییەكان ئامادەن و تەواو بوون، ئەو سروودە نیشتیمانیەش كە بە ناوی (كوردستانی من)ە دوایین گۆرانی فیلمەكەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی كارەكەم دوا دەكەوێت و خۆیشم ماوەی چوار ساڵە لە بازاڕی گۆرانی دابڕاوم، بۆیە بڕیارمدا یەكەمجار ئەو سروودە بڵاوبكەمەوە و وەك دیارییەك پێشكەش بە هەموو كوردێكی بكەم لە هەر چوار پارچەی كوردستان.

ئاراس وای دەبینێت كە ئێستا كاتی بڵاوكردنەوەی ئەو جۆرە سترانە نیشتیمانیانەیە بۆ ئەوەی منداڵ و گەنجانی كورد گوێی لێبگرن و دووبارە هەستی نەتەوایەتی لە دڵ و دەروونی گەنجەكان گەشە بكاتەوە كە بە داخەوە ئێستا هەست دەكرێ ئەو ئینتیمایە بۆ نیشتیمان نەماوە لەلایەن هەندێك لە گەنجەكان، ئاراس هەر سەبارەت بە گەڕانەوەی یاخود شكاندنی ئەو دابڕانە دەڵێ: كاتێك هونەرمەند جا بە هەر هۆكارێك بێت لە هونەر دوور دەكەوێتە و دووبارە دەگەڕێتەوە، پێویستە بە هونەرێكی نوێ بگەڕێتەوە نەك بە هەمان ڕێچكە و ستایلی پێشووی، پێموایە ئەم سروودەی نوێیەش وەك دووبارە دەستپێكردنەوەیەكی نوێ كارێك باش دەبێت و ئەو بۆشاییە كە لە دوای خۆم جێمهێشتبوو لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پڕی دەكاتەوە.

سەبارەت بەم سروودە نوێیە كە بەم دواییە تۆماری كردووە ئاراس دەڵێ: ئەم سروودە نوێیە بە ناوی (كوردستانی من)ە، پێشتر لە ساڵی ١٩٨٨ هونەرمەند هۆگر فاتیحی برام بە ناوی (سەر كز ناكەم) لە ڕووسیا ئامادەی كردووە و لە ساڵی ١٩٩٨ بۆ یەكەمین جار بڵاوكرایەوە و كلیپیشی بۆ كرا، ئەو كات بە موزیكی زیندوو كارەكەمان كرد بە ئیقاع و گیتار، منیش بە شێوازێكی نوێتر یاخود بڵێم بە شێوازی خۆم بە دەستكاری كردنی بەشێك لە ئاوازەكەی تۆمارم كردووە لە ئاستێكی جیهانی بەرزە، نزیكەی ٤٠ كەس لەم سروودەدا بەشدارن. تێكست و ئاوازەكەی هۆگر فاتیحە و بەشێكی تێكستەكەش هی كەسێكی نەناسراوە و كۆپلەی سێیەمی سروودەكەش هی مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێوە، هەروەها پێداچوونەوەی هەموو تێكستەكەشی كردووە، هەروەها هونەرمەند خۆشناو بەشێكی لە سۆرانییەوە كردۆتە كرمانجی، لە دابەشكردنی گۆرانییەكە (های) كە هاوڕێیەكی ڤێتنامی منە یارمەتی داوم و تۆمار كردنی كۆرسەكەی هەولێریشی بۆ كردم، بۆ تۆمار كردنی دەف و دەهۆڵ و كۆرسی سلێمانیش كاك كارزان مەحمود لە سلێمانی یارمەتیدام، كاوە شێخیش لە سوید دەنگی منی تۆمار كرد و یەكێك لە بەناوبانگترین ئەندازیارانی دەنگ لەسەر ئاستی جیهان كە ناوی لینورد ئۆسلوندە لە حەفتاكان میكسی گرووپی (ئابا)ی كردووە. بیورن ئینگلمان لە یەكێك لە كۆمپانیا ناودارەكانی جیهان بەناوی (كەتینگ گروپ) كار دەكات ئەویش ماستەرینگی بۆ زۆر لە هونەرمەندە ناودارەكانی جیهانی كردووە.

**■ دوای دابڕانێكی زۆر لە گۆڕەپانی هونەری هونەرمەندی بە توانا ئاراس فەتاح ماوەیەک بەر لە ئێستا سروودێكی نوێی بڵاو كردۆتەوە بەناوی (كوردستانی من) هەروەها خۆی ئامادە دەكات بۆ پڕۆژەیەكی هونەری نوێ كە خۆی لە فیلمێكی نمایشی مۆسیقیدا دەبینێتەوە، ئاراس لە نزیكەوە وردەكارییەكانی ئەم پڕۆژە هونەرییە و سروودە نوێیەكەی بەم شێوەیە بۆ خوێنەرانی گوڵان خستە ڕوو. ■**

سەبارەت بە فیلمە چاوەڕوانكراوەكەی ئاراس دەڵێ: ئەم فیلمە دەبێتە یەكەم فیلمی (نمایشی مۆسیقی) كە بۆ گەورە و منداڵانە، بەڵام زیاتر بۆ منداڵانە، ئێستا زۆربەی كارە پێویستەكانی ئەم فیلمە ئامادە كراوە، چونكە زەحمەتترین شت لەو جۆرە فیلمانە هەڵبژاردنی گۆرانییە، من تا ئێستا ٤٠ گۆرانیم هەڵبژاردووە و هەمووشیان ئامادەن، بەڵام گۆرانییەكان مەرج نییە هەموویان لە فیلمەكەدا بەكار بهێنرێت لەوانەیە ٢٠-٣٠ چركەی هەر گۆرانییەك لە فیلمەكەدا بەكاربهێنرێت، گۆرانییەكانیش تێكەڵن لەنێوان گۆرانی فۆلكلۆری و نوێ، زۆربەی گۆرانییەكان من دەیڵێم تەنیا فۆلكلۆرەكان نەبێت كە هەندێك هونەرمەندی دیكەی بەشداری دەكەن یەك لەوانە مامۆستا هۆمەری دزەیی.

سەبارەت بە ستافی فیلمەكە كە ئایا كورد دەبن یاخود لە دەرەوە دێن هونەرمەند ئاراس وتی: تا ئێستا بڕیارم نەداوە، چونكە من سیناریۆكەم داناوە وهەر خۆیشم لەوانەیە ببمە دەرهێنەر، بەڵام زەحمەتە من لە فیلمەكەدا بەشدار بم و دەرهێنەریش بم، بۆیە پێویستە دەرهێنەرێكی ئاست بەرز بهێنم كە وەك دەرهێنەری دووەم بەشدار بێت و ئەو كارەی پێویستە من بیكەم لە پشت كامیرا ئەو بیكات، حەز دەكەم ئەو دەرهێنەرەش كورد بێت، بۆیەش پشت بە دەرهێنەری كورد دەبەستم، چونكە كارە تیۆرییەكە من دەیكەم، بەڵام لەلایەكی پراكتیكییەوە دەمێنێتەوە سەر ئەو دەرهێنەرە واتا من ڕێنمایی دەكەم بۆ چۆنیەتی كار كردن و ئەو تەنیا ڕێنماییەكانی من جێبەجێ دەكات.

سەبارەت بە پێشبینی كردنی بۆ سەركەوتنی ئەم فیلمە كە بە یەكەم فیلمی (نمایشی مۆسقی) كوردی دادەنرێت ئاراس دەڵێ: بەر لەو فیلمە فیلمێكی تری لەو جۆرەم بەرهەمهێنا بەناوی (خەپە گیان) كە ماوەكەی تەنیا نیوكاتژمێر بوو، بەڵام ئەم فیلمە ماوەكەی دوو كاتژمێرە، من كارێك ناكەم ئەگەر لە سەركەوتنی دڵنیا نەبم، چونكە من كەسێكی پێرفیكشینیستم بۆ نموونەش من ماوەی دوو ساڵ و نیوە خەریكە ئەو سروودەم تا زۆر دڵنیا نەبووم كە سەركەوتوو دەبێت بڵاوم نەكردەوە و دڵنیابوونەكەشم گەیشت ئەو ئاستەی لێی بێزار بم.

ئاراس لەگەڵ بڵاوكردنی سروودەكە داوا لە كەناڵە كوردییەكان دەكات كە كلیپ بۆ ئەو سروودەی نەكەن، سەبارەت بەم داوایەی دەڵێت: ڕاستە لێرەش دووبارەی دەكەمەوە داوا لە گشت كەناڵەكان دەكەم سروودەكە كلیپ نەكەن، چونكە هەموو كلیپەكانی كوردستان زۆر لە یەك دەچن و جیاوازییەكی ئەوتۆیان نییە، هەروەها من خۆم بڕیارمداوە كلیپێكی زۆر جوان و گەورەی بۆ بكەم كە شایستەی ئەو سروودە بێت، و نامەوێ ئەو سروودە ببێت بە موڵكی كەناڵێك یان لایەنێك، چونكە بۆ هەموو كوردستانە و پێویستە حكومەت كلیپ بۆ ئەم سروودە بكات.


سەبارەت بە وادەی دەستپێكردنی فیلمەكەش ئاراس دەڵێ: بێگومان پڕۆژەكە زۆر دواكەوت ئەمەش بۆ دواكەوتنی هاوكاری كردنی فیلمەكە دەگەڕێتەوە هەر كاتێك هاوكارییەكە بە تەواوی گەیشت ئەو كات پەنا بە خوا لە بەهاری داهاتوودا دەست بە وێنەگرتنی دەكەین و بەشی هەرە زۆریش دیمەنەكانیش لە كوردستان وێنە دەگیرێن تەنیا لە كۆتاییەكەی بەشێكی بچووكی لە ئەورووپا وێنە دەگرین بەتایبەتی لە وڵاتی سوید، فیلمەكەش پێشكەش بە منداڵانی كوردستانی دەكەم و نیازی ئەوەم نییە لە فیستیڤاڵەكاندا بەشداری پێبكەم و كە تەواو بوو ئەو كات شێوەی بڵاوكردنەوەكەشی ڕوون دەبێتەوە.

لە كۆتاییشدا ئاراس مژدەی بە هەوادارانی دەنگ و هونەرەكەی خۆیدا كە دوای مانگێك گۆرانییەكی نوێ بڵاودەكاتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر هیچ نەبێ كەمێك خۆشی و شادی بخاتە دڵیانەوە.



# کرێی کریستین لەهەموویان زیاترە


بەپێی لیستی سالآنەی گۆڤاری (فۆربس)ی تایبەت بەدەوڵەمەندترین و پڕ داهاتترین کەسایەتییەکانی جیهان، خانمە ئەکتەر کریستین ستیوارت سالآنە خاوەنی زۆرترین کرێیە لەنێو ئەکتەران.
بەپێی گۆڤاری ناوبراو لەنێوان مانگی مایۆی ٢٠١١ تا هەمان مانگی ساڵی ٢٠١٢ کریستین ستیوارت بڕی ٣٤،٥ دۆلاری دەستکەوتووە بەهۆی بەشداری کردنی لەهەردوو بەشی فیلمی (تویلایت)، چونکە داهاتی لەهەر بەشێکی فیلمەکە گەیشتە ١٢،٥ دۆلار ئەمە جگە لەبەشی تایبەتی خۆی لەقازانجەکانی فیلمەکە.
گۆڤاری (کلۆزیر) لەم بارەیەوە رایگەیاند کە داهاتی ستیوارت لەهەردوو فیلمی (سنۆوایت و راوچی) گەیشتبووە ١٠ ملیۆن دۆلار ئەمەش رۆڵێکی سەرەکی هەبوو لەوەی ستیوارت پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت لەنێو خانمە ئەکتەرەکاندا، هەر بەپێی رۆژنامەی (فۆربس) کامیرۆن دیاز بەپلەی دووەم هات بە ٣٤ ملیۆن دۆلار و ساندرا بۆلۆك بەپلەی سێیەم هات بە ٢٥ ملیۆن دۆلار و ئەنجلینا جۆلی کە ساڵی پار لە پلەی یەکەم بوو گەڕایەوە پلەی چوارەم بە ٢٠ ملیۆن دۆلار، شارلز تیرۆن پلەی پێنجەمی بەرکەوت بە ١٨ ملیۆن دۆلار و جۆلیا رۆبێرتسیش بە ١٦ ملیۆن دۆلار پلەی شەشەمی بەرکەوت و سارا پارکەریش لەپلەی حەوتەم هات بە ١٥ ملیۆن دۆلار و میری ستریپیش لە پلەی هەشتەم هات بە ١٢ ملیۆن دۆلار و پلەی نۆیەم بە١١،٥ ملیۆن دۆلار بەر کریستین ولیج کەوت جنیڤەر ئەنیستۆنیش لە پلەی دەیەم و کۆتایی هات بە ١١ ملیۆن دۆلار.



# بیونسی دیارییەک بەبڕی ٤٠ ملیۆن پێشکەش بەهاوسەرەکەی دەکات

بەبۆنەی جەژنی جیهانی باوکەوە، بیونسی گۆرانیبێژی جیهانی بڕیاریدا دیارییەکی بەنرخ پێشکەش بەجای زی باوکی کچەکەی بکات کە بووە مایەی سەرسوڕمانی زۆر لەهاوڕێ و کەسانی نزیکی هەردوولا.
سەرچاوەیەکی نزیك لەهەردوو هاوسەرەکە بەماڵپەڕی(دایلی ستار)ی ئینگلیزی راگەیاند بەبۆنەی جەژنی جیهانی باوکەوە بیونسی بڕیاریدا فڕۆکەیەکی تایبەت پێشکەش بەجای بکات کە نرخەکەی دەگاتە ٤٠ ملیۆن دۆلار، بیونسی ئەوەشی راگەیاندووە کە ئەمە باشترین دیاریە بەم بۆنەیەوە پێشکەش بەجای بکات، چونکە باوکێکی زۆر میهرەبانە و ئەرکی باوکایەتی زۆر بەباشی بەجێ دەگەیەنێت و نموونەی باوکێکی دڵسۆزە.
سەرچاوەکە ئەوەشی راگەیاند ئەم فڕۆکەیە لەژوورێك پێکدێت کە لەپێست دروستکراوە لەگەڵ چێشتخانەیەك و ژوورێکی نووستن و دوو دەستشۆر، هەروەها فڕۆکەکە شوێنی زیاتر لە١٥ کەسی تێدا دەبێتەوە و بیونسی ئەمەی زۆر بەگونجاو زانیوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەی لەگەشتەکانیاندا بەیاوەری خێزانی هەردووکیان و دۆستە نزیکەکانیان بەکاری بهێنن.

# کاسرین: ناوبانگ لەخۆباییم ناکات




وەك ڕێزگرتنێك بۆ کارەکانی کە لەماوەی ڕابردوو ئەنجامیدا و بەشداری کردنی لەپرۆژەیەکی خێرخوازی گەورە، لەمیانەی ئاهەنگەکانی جەژنی لەدایکبوونی شاژنی بەریتانیا، خانمە ئەکتەری بەریتانی و جیهانی کاسرین زیتا جۆنز ویسامی سەرکردەی ئیمبراتۆریەتی بەریتانیای لەلایەن شازادە چارلزە پێ بەخشرا.



# کییرا نایتلی: هاوڕێی ڕاستەقینەم نییە

کچە ئەکتەری بەریتانی کییرا نایتلی دووپاتی کردەوە کە هیچ یەکێك لەهاوکارەکانی لەهۆلیۆد بەکچ و کوڕەوە بەهاوڕێی نزیك و ڕاستەقینە دانانێت.

نایتلی تەمەن ٢٧ ساڵ دەڵێ: لەگەڵ چەندین کەسایەتی بەرز و بەناوبانگ کارم کردووە وەك ڕالف فینیس و کاری مۆلیگان و چەندانی دیکە، بەڵام حەز ناکەم هاوڕێیەتیم لەگەڵیان هەبێت، چونکە تا ئێستا لەکەسایەتییە بەناوبانگەکانی هاوڕێیەتیم لەگەڵ کەسیان نییە، کییرا هەروەها دەڵێ: من زیاتر حەز دەکەم لەگەڵ مۆسیقییەکان هاوڕێیەتیم هەبێت.

چەند سەرچاوەیەکی نزیك لەنایتلی لەم بارەیەوە دەڵێن: ڕەنگە ئەم عەشقەی نایتلی بۆ مۆسیقا یەکێك بێت لەو هۆیانەی کە وایان لێکرد پێوەندی هاوسەرگیری لەگەڵ جیمس ڕایتۆنی ژەنیار لەتیپی کلاکسۆن پێك بهێنێت.



# هال بێری ناچار دەکرێت نەفەقەی هاوسەرەکەی بدات

دادوەرێکی لۆس ئەنجلوس بڕیاریدا بەسەپاندنی بڕی ٢٠ هەزار دۆلار بەشێوەیەکی مانگانە بەسەر خانمە ئەکتەری ئەمریکی هالی بێری بۆ باوکی منداڵەکەی بۆ بەخێوکردنی کچەکەیان.

هالی و گابرییل ئۆبری هاوڕێی لەشەڕێکی یاساییدا بۆ پەروەردەکردنی (نەهلا) ی کچیان بوونەوە و هەریەکیان بەمافی خۆی دەزانی تا لەکۆتاییدا دادگا بڕیاریدا کە پێویستە هالی مانگانە بڕی ٢٠ هەزار دۆلار بداتە گابرییل بۆپەروەردەکردنی نەهلای تەمەن ٤ ساڵ، شایەنی باسە هالی و گابرییلی نمایشکاری جلوبەرگ جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاند دوای ئەوەی بوون بەخاوەن کچێك و دوای جیابوونەوەشیان گرفتی پەروەردەکردنی کچەکەیان لەنێوانیاندا سەریهەڵدا.

دوای ڕێزلینانەکە کاسرین وتی: من بەهیچ شێوەیەك لەخۆبایی نەبووم بەدرێژایی ژیانم، زۆر شانازی بەو خەڵاتەوە دەکەم، بەڵام هەرگیز نابێتە هۆی ئەوەی لەخۆبایی ببم، بەپێچەوانەوە ئەم خەڵاتە وای کردووە من زیاتر سادە بم، هەروەها خۆم بەشایستەی ئەو خەڵاتە دەزانم، بەڵام هیچ کاتێك سەرکەوتنم نەبۆتە هۆی ئەوەی بەشتێکی زۆر گەورەی بزانم، چونکە ئەگەر سەرکەوتوو نەبام نەدەگەیشتمە ئەو ئاستەی ئێستا کە لەلایەن بەناوبانگترین بنەماڵەی جیهانەوە خەڵات بکرێم بەم خەڵاتە بەنرخە.

کاسرین دەربارەی خێزانەکەی وتی: خێزانەکەم زۆر بەناوبانگن لەبەریتانیا، بەڵام ئێستا ڕووبەڕووی هەندێك گرفت بووینەتەوە وەك هەر خێزانێکی بەریتانی کلاسیکی، هەرچەندە ئەمە تا ڕاددەیەك زەحمەتە، بەڵام پێویستە خۆمان لەسەری ڕابهێنین و سەرکەوین بەسەر ئەم جۆرە گرفتانەدا.

## تیریژ:

# دەستخۆشی جەماوەر گەورەت



**هەرچەندە تیریژ ئورمی لەرۆژهەڵاتی کوردستان هاتۆتە دنیاوە، بەڵام دەرکەوتنی و ناسینی وەك هونەرمەند زیاتر لەباکووری کوردستان ناسرا و هەر لێرەش ئەلبومەکانی بڵاوکردەوە و کلیپ و گۆرانی تۆمار کرد.**

**ئێستا تیریژ لەباشووری کوردستان نیشتەجێیە، ئەمەش هەنگاوێکی باشە بۆ ئەوەی بتوانێت زیاتر پەرە بەکارە هونەرییەکانی بدات و سوود لەهونەرمەندانی ئێرە وەربگرێت، تیریژ لەدیمانەیەکی کورتدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان هاتە ئاخافتن.**

هەر کەسێك لەئێمە لەژیانیدا پەیڤێك هەیە کە زۆر حەز لەبیستنی بکات یان دووبارەی بکاتەوە، تیریژ وەك خۆی دەڵێت زۆر حەز لەپەیڤی خۆشەویستی دەکات و بەپێچەوانەوەشەوە زۆر ڕقی لەجیابوونەوەی دوو کەسە جا هەر چییەك بن، بۆیەش زۆر ڕقی لەجیابوونەوەیە وەك کردار و وەك پەیڤیش، هەروەها تیریژ پێیوایە ئاساییە هەر مرۆڤێك لەژیاندا هەڵە بکات، بەڵام پێویستە سوود لەهەڵەکانی وەربگرێت و دووبارە کردنەوەی هەڵە زۆر تورە و بێزاری دەکات.

تیریژ دەڵێ: یادگارییەکانی منداڵێم هەرگیز بیر ناچنەوە بۆیە گەڕانەوە بۆ ئەو یادگاریانە دەمگرێنێ، چونکە لەتەمەنی منداڵیدا هەموو کەس حەز و ئارەزووەکانی دیار دەبن و هێڵە گشتییەکانی دوارۆژ بۆخۆی دادەنێت، منیش هەر لەمنداڵییەوە ئاواتم ئەوە بوو ببم بەگۆرانیبێژ و هەرچی لەناخمدا هەیە دەمویست بەگۆرانی دەریببڕم و گۆرانی بۆ هەموو کەس بڵێم، لەبەرامبەردا شادی و بەختەوەری وام لێدەکات کە هەمیشە پێبکەنم و زەردەخەنە لەسەر لێوانم بێ.

هونەرمەند هەمیشە چاوی لەدەستخۆشی و هاندانی خەڵکە بۆ کارە هونەرییەکانی، سەبارەت بەم مەسەلەیە تیریژ دەڵێت: من کاتێك دێمە جۆش و خرۆش کە دەبینم جەماوەر دەستخۆشیم لێدەکات و هانم دەدات بۆئەوەی کاری باشتر و جوانتر پێشکەش بکەم، بێگومان ئامانجی هەر هونەرمەندێك ڕەزامەندی جەماوەرە، چونکە هەموو هونەرمەندێك کاری هونەری بۆ جەماوەر دەکات و لەپێناو دڵخۆش کردنیان گۆرانی دەڵێت و هەر جەماوەریشە کە پێوەری ڕاستەقینەی هەر هونەرمەندێکە، ئەگەر هونەرمەند جەماوەری نەبێ یان جەماوەر لەکارەکانی ڕازی نەبێ بەڕای من هونەرەکەی هیچ تامێکی نابێت.

جگەرەکێشان یەکێکە لەو دیاردانەی کە تیریژ لێی دوورە و وەك خۆی دەڵێت لەیادی نییە کە جگەرەی بەدەستەوە گرتبێت، هەروەها زۆریش حەز لەخواردنی کوردەواری دەکات بەتایبەتی دۆڵمە.

هونەرمەندیش گوێ لەگۆرانییەکانی خۆی و هی هونەرمەندانی دیکەش دەگرن جا ئەمە وەك حەز بێت یان بۆ ئەوە بێت کە هەڵسەنگاندن و بەراوردێك بکەن لەنێوان کاری خۆیان و هونەرمەندانی تر، یانیش بۆ ئەوەیە کە شتی نوێیان لێ فێر بن بەتایبەتی گۆرانی هونەرمەندە بەناوبانگ و ڕەسەنەکان، لەم بارەیەوە تیریژ ئورمی دەڵێ: بەزاراوەی کرمانجی خواروو (سۆرانی) زۆر حەز لەگۆرانی یادی جارانی مامۆستا هۆمەری دزەیی دەکەم و زۆر دەیڵێمەوە، لە زاراوەی کرمانجی سەرووش زۆر حەز لەگۆرانی (سوارو)ی مامۆستا خەلیل غەمگین دەکەم، وەك کەسایەتی هونەریش زۆر سەرسامم بەکەسایەتی هەردوو هونەرمەندانی خوالێخۆش بوو ئیبراهیم خەیات و هۆزان سەرحەد، تیریژ هەروەها دەڵێ: هەندێك گۆرانی هەیە حەز دەکەم بەردەوام لەبەر خۆمەوە بیانڵێم و بەزۆری لەسەر زاری منن ئەوانیش بریتین لە: (ژبەر خاترا تە) کە تێکست و ئاوازی خۆمە و تا ئێستا تۆمارم نەکردووە، گۆرانی (یادی جاران)ی مامۆستا هۆمەری دزەیی، گۆرانی (ماهی من)ی مامۆستا عەدنان کەریم، (بلیسەن) گۆرانییەکی تورکی هونەرمەند جەودەت بەگج ئالەت، هەروەها گۆرانی (دووبارێ مسیازەمەت وەتەن) گۆرانییەکی

# ـــرین سەرمایەیە

فارســـییە واتە (دووبارە ئاوەدان دەکەم وەتەن) کە گۆرانییەکی ناوداری هونەرمەند داریۆش ئیقبالییـــە، جگە لەمە گۆرانی (بەرای مەن نەڤیشتە) کە گۆرانییەکی هونەرمەندی گەورە موعین ئەسفەهانییە من بۆم نووسیوە، ئەمانە ئەو گۆرانیانە بوون کە من ئەو گۆرانیانە زۆر لەبەر خۆمەوە دەڵێمەوە.

هونەرمەند بەحوکمی کارەکەیان گوێچکەیان لەکەسانی ئاسایی هەســـتیارترە بۆ ناسین و جیاکردنـــەوەی دەنگە خۆش و ناخۆشـــەکان، تیرێـــژ پێیوایە ناخۆشـــترین ئەوەیە کاتێك کە دەنگـــی ئۆتۆمبیـــل و تەکنۆلۆژیا تێکەڵ بەدەنگی شـــەونم دەبێ و دڵی بەمە پەســـت و توند دەبی لەبەرامبـــەردا وای دەبینێت کە خۆشـــترین دەنگ ئەو کاتـــە دەردەچێت کە دەنگی نای تێکەڵ بەدەنگی ئاو و با دەبێت، ئەم تێکەڵ بوونە جۆرێك لەحەسانەوە بەدڵ و دەروونی مرۆڤ دەدات و وا دەکات هەســـت بەئارامی بکات.

هەر کەســـێك حەز دەکات لەشـــارێك بژی یان شـــارێکی بینیوە و پێیوایە یەکێکە لەشارە خۆشـــەکانی دنیا کە زۆر سەرنجی ڕاکێشاوە، یانیـــش گوێی لەناوبانگی شـــارێك بووە جا لەهەر بوارێکدا بێت بۆیە حەز دەکات بیبینێت، تیریژ دەڵێ: حەزم لەبینینی گشت شارەکانی کوردستانە و هەموویان بەشار و ماڵی خۆمیان دەزانم، بەڵام وەکو پرەنسیپ زۆر حەز لەشاری (ورمێ) دەکەم و بەقەد هەموو دنیا ئەم شارەم خۆش دەوێت، بۆیە یەکێك لەئاواتەکانی ژیانم ئەوەیە ڕۆژێك لەڕۆژان بتوانم بگەڕێمەوە بۆ ئەو شارە خۆشەویستە و لەوێ بژیم کە هەموو دڵ و دەروون و بیرکردنـــەوەی منـــی داگیر کردووە، چونکە خەیاڵی ڕۆژێك ژیان لەبناری شـــاخە سەرکەشـــەکانی جولـــێ و چارچەل شـــتێکی زۆر جیاوازە بەلای منەوە بەجۆرێك کە ڕەنگە نەتوانم وەکو خۆی وەسفی بکەم.

لەکۆتاییـــدا تیرێژ دەڵـــێ: یەکێك لەئاواتە هەرە گەورەکانی من ئەوەیە ڕۆژێك لەڕۆژان وڵاتەکەم ئازاد و گەلەکەم سەربەست و سەرفراز بـــێ لەم دنیایە و وەك هەموو میللەتانی دنیا مافی ئەوەی هەبێت لەوڵاتێکی ســـەربەخۆدا بژی.



## (سەمەر) جەماوەری خۆی تووشی شۆک کرد

بێران ســـائات کە لەکوردستان بەسەمەر ناســـراوە بڕیاریداوە لەهاوینی ئەمساڵ سەردانی ئەمریکا بکات بۆئەوەی مارەییەکەی لەکونسوڵخانەی تورکیا لە لۆس ئەنجلوۆس ببڕێت.

سەمەر یان فاتیما پێوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەستێرەی پۆپی تورکی (کینان دۆلۆ) هەبوو و بڕیاریاندا ژیانی هاوسەرگیری پێك بهێنن و دوای مارە بڕینەکەیان لەکونسوڵخانەی تورکیا لە لۆس ئەنجلوس پێشـــبینی دەکرێت ئاهەنگی هاوسەرگیریشیان هەر لەوێ ساز بکەن، هەواڵی پێکەوەنانی ژیانی هاوســـەرێتی لەنێوان کینان و بێران لەلایەن میدیاکانی تورکیاوە گرنگییەکی زۆری پێدراو و زۆر کەسیش بەهەواڵێکی چاوەڕوان نەکراویان زانی.

لەلایەکـــی دیکەوە کینان خەریکە لەم ڕۆژانـــەدا ئەلبوومێکی نوێی خۆی بخاتە بازاڕەوە بەناوی (aşka türlü şeyler) و لەگەڵ دەرچوون و بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکەشـــی کۆنســـێرتێکی گەورە لەتورکیا ســـاز دەکات دواتریش ڕوو لەئەمریکا دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ سەمەر گەشتەکەیان دەست پێبکەن.